# عیراق و له سێدارەدانی  دیكتاتۆر سەددام حوسێن له نێوان ڕەهەندی مێژوویی و سیاسی و یاسایدا..

یاساناس  هەڵكەوت حیكمەت مەلاعەلی

سوید.



بێگومان ئەگەر بڕوانینه مێژووی مرۆڤایەتی ئەوا هەمیشه ئەم مێژووه بێبەش نەبووه له بوونی ڕژێمه دیكتاتۆریەكان و سەركرده دیكتاتۆرەكان كه هەردەم هەوڵیان داوه له ڕێگای توندوتیژی وه به كارهێنانی هێزەوه به شێوازێكی نادروست دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆیان بچەسپێنن وه هەر لەم پێناوەشدا بۆ زیاتر بەرفراوانكردنی  سنوورەكانی دەسەڵاتیان وه بۆ چاو ترساندنی هاوڵاتیان پەنایان بۆجۆرەها ڕێگەی نامرۆڤانەو دوور له هەر داب و نەریتێكی سیاسی ویاسای و كۆمەڵایەتی و ئاینی بردووه. ڕژێمه دیكتاتۆریەكان و سەركرده دیكتاتۆریەكان نمونەیان زۆره له مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر وەك ستالین و چاوشیسكۆ و هیتلر و هتد..

خۆ ئەگەر باسی مێژووی زیاترله هەشتاساڵەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عیراق بكەین ئەوا ئەم مێژوەش بێبەش نەبووه له سیستەمی دیكتاتۆریی و سەركردەی دیكتاتۆر هەر له فیسەڵی یەكەمەوه كاتێك كه دەسەڵاتی گرته دەست عیراقی كرد به گۆمی خوێن ئەوه جگه لەو نامانەی كه بۆ حكومەتی بەریتانیای دەنووسی له سەر كوردستان و باشووری عیراق كه هەر هەموویان بۆنی خوێن و باروت و كۆشتارگای لێ دەهات تاكۆ به سەددامی دیكتاتۆر دەگات كه زۆربەی هەره زۆری گرفتەكانی عیراق ئەم دیكتاتۆره و حیزبه بەعسه شۆڤینیزمیكەی له تەك خۆیاندا هێنایان، دەوڵەتی عیراق هەرله سەرەتای دامەزراندنیەوه له لایەن بەریتانیاوه له ساڵی 1921 دا ئەم دەوڵەته له لایەن سوونەوه فەرمانڕەوایی كراوه ئەمه جگه لەوەی كه سوونەكان له سەردەمی داگیركردنی عیراق له لایەن ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیەوه له ساڵی 1638 دا ئەوكات كه بەغدادیان داگیر كرد سوونەكان به بێ هیچ مەرجێك دەستیان خستەنێو دەستی عوسمانیەكانەوه ئەمەش پیویستیەكی دیفاكتۆی ئەوكات بوو بۆ دەسەڵاتی عوسمانی   بۆ ئەوەی شیعەكانی عیراقیان پێی سەركۆت بكەن. كەواته سوونەكان له مێژوویی 365  ساڵەی دەسەڵاتیاندا هەمیشه پەنایان بۆ زەبروزەنگ و تۆقاندن و سەركوت كردنی ئەوانی دیكه بردووه ئەمه سەرەڕای ئەوەی كه سوونه ڕێژەی كەمینەی پێك دەهێنی كه له سەدا بیستی هاوڵاتیانی عیراق دەكات . ئەم مێژووه پڕە له كارەسات و خوێناوییەی كەمینەیی سوونه ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوه كه شیعەی عیراق كه ڕێژەی زۆرینه پێكدەهێنن هەمیشه و بەردەوام له چاوەڕوانی ئەوەدا بووەن كه كات و سەردەمێك بێت ئەوا نیش تۆڵەی خۆیان بكەنەوه بوویه هەر له ساڵی 1914 دا ئەوكات كه بەریتانییەكان  دەیانەوەێت عیراقی ئەوكاته داگیر بكەن  له باشوورەدا   ڕووبەڕووی شیعەكان دەبنەوەو جەنگێكی سەخت و خویناوی له نێوان بەریتانیایەكان هاوڵاتیانی شیعەدا بەرپا دەبێت چونكه ئەو سەردەمه شیعەكان نارازین بوون به هاتنی  بەریتانیایەكان بۆداگیر كردنی عیراق وه ئەم جەنگه ماوەی سێ ساڵ درێژه كیشاو وه به پێی سەرچاوه مێژووییەكان نزیكەی سەدوپەنجا هەزار سەربازی بەریتانی كۆژراوەن بەڵام له ئەنجامدا له ساڵی 1917 واته پاش سێ ساڵ بەریتانیایەكان توانیان سەربكەون و عیراق داگیر بكەن وه ئەمەش فاكتەرێكی سەرەكی و بنەڕەتی بوو بۆ پەراوێز كردنی شیعەكان تاوەكۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس.

قۆناغی ڕووخانی دەوڵەتی عیراق و ڕژێمی بەعس هاتنی سەردەمێكی نوێ و كەش و دۆخێكی  سیاسی نوێ بوو بۆ گەلانی عیراق بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەو ڕەگەزو چین و توێژەكانی عیراق بتوانن پێكەوه دۆخێكی سیاسی نوێ و سیستەمێكی سیاسی دیموكراسی نوێ بنیاد بنێن  كه ڕێز له بنەماكانی دیموكراسی و ئازادی و هاوڵاتیبوون  ماف تاكەكەسی و مافەكانی مرۆڤـ بگرێت وه له تەك ئەوەشدا خۆ دوورگرتن  له هەر جۆره سەپاندنێكی  ئایدیای تاكڕەوی یان هزری مەزهەبی و بیری زۆرینه وه له بەرامبەردا پەنابردن بۆ دیالۆگی تەندروست له سەرهەڵدانی هەر جۆره قەیرانێك  له نێوان لایەنه سیاسیەكاندا تەنها فاكتەره بۆ بنبەڕ كردن و چارەسەركردنی كێشەكان چونكه مێژووی سوونەكان باشترین نمونەیه بۆ ئەم مەبەسته، لەم بارودۆخه تازەدا  كه هەیه سوونه خۆیان به دۆڕاوێكی گەوره دەزانن لەم هاوكێشەیه نوێیەی عیراقدا ئەمه جگه لەوەی كه تا هەنووكەش سوونەكان وانەیان له ڕابردوویان وەرنەگرتەوه بەڵكو هەر له سەر هەمان بیرو خەونی جاران دەیانەوێت سیاسەت بكەن، له تەك ئەوشدا كه شیعه ئەمڕۆ

خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی گەلی کورد دەزانن چونکە هەر دوو لا لە ڕابردوودا لە لایەن ڕژێمە جۆربەجۆرەکانی سوونەوە ڕووبەڕووی توندو تیژی و زەبروزەنگ و دا پڵۆسین و فەرکردن هاتەوە بە تایبەتی گەلی کورد بەڵام لە هەمان کاتدا لە نێو شیعەشدا لایەن و کەسانێکی زۆرهەن کە دەیانەویت عیراق بەرەو حوکمێکی تاکرەویانە بە واتا زۆرینە هەموو شتێك بێت ببن ئەگەر چی ئەم دیاردەیە لە مەودای ئەم چەند ساڵەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دۆخەکە گۆڕاوەو وە بواری ئەم جۆرە بیرکردنەوانەی بەرتەسك کردوەتەوە. بە نیسبەت گەلی کوردەوە هەموو ئەو

ڕژێمانە کە هاتونەتە سەر دەسەڵات لە مێژووی نەگریسی زیاتر لە هەشتاساڵەیان هەر یەکەیان بە پێی توانا و دەسەڵاتی ئەو سەردەمە کە خاوەنی بووەن پەلاماری سنووری کوردستان و هاولاتیانی کوردیان داوە وە بە هەزاران هاوڵاتی کوردیان شەهید کردوە وە یان بە زۆر ڕاگۆیزی شوینی دیکە کراوەن و لە شوینی باب و باپیرانیان وەدەرنراوەن، بەڵام دڕەندەترینی ئەم ڕژیمانە بە بەراوردکردن لە تەك ڕژیمەکانی تردا ڕژێمی شۆفینیزمی بەعسی عیراقە کە هەر لە دەسپێکی سەرەتای گرتنە دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی عیراقدا کەوتنە نێو گیانی هاوڵاتیانی عیراق بە گشتی وکوردستان بە تایبەتی چونکە ئەوان هەمیشە کورد و شۆڕشی بزافی رزگاری خۆازی کوردیان بە لەمپەریك زانیوە لە بەردەم پیلانە نەگریسەکانی خۆیاندا هەر بوویە سەرەتایان بە کۆشتن و لە سێدارەدان و زیندانی کردن و خاپوور کردنی ماڵ و سامانی هاوڵاتیان دەستپێکرد و دواتریش کە خۆی لە پرۆسەی قەتل و عام کردن و دەرکردنی کوردە فەیلیەکان و ئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی و سەدو هەشتاو دوو هەزار ئەنفالی گەرمیان و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە دا بینیەوە.

لە یەکەم ڕۆژی پرۆسەی دادگایی کردنی دیکتاتۆر سەددام حوسێن و هاوەڵەکانی لە ساڵی 2005 دا گۆمان و کۆمەڵگەلێك پرسیار لە لام دروست بوو نەك لە سەر چۆنیەتی بەڕیوەبردنی پرۆسەکە یان کەش و دۆخی نێو هوڵی دادگاوە نەخێر چونکە ئەگەر سەیری مێژووی عیراق و سیستەمی یاسای یان بڵێن دەسەڵاتی یاسا و دادوەری ئەم دەوڵەتە لە سەردەمی ئەو ڕژێمانەدا بکەین ئەوا نەك تەنها یاسا و سیستەمی دادوەری سەربەخۆ نەبووە بەڵکو زۆر بە ئاشکرا یاساکان پێشل کراوەن و یاسا و برگە یاسایکان هەمووی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانیدا بووە بە جۆرێك زۆر جار ئەوگەنجانەی کە تەمەنیان لە ژێر هەژدەدا بووە بە بریارێکی دادوەرە بەعسیەکانی ئەوکاتە تەمەنیان کراوە بە هەژدەو بۆ ئەوەی گولە باران یان لە سێدارە بدرێن، لە هەر جۆرە کۆمەڵگەو دەسەڵات و ڕژێمێکی نادیموکراسی دا یاسا هەرگیز ناتوانێت بێ لایەن بێت چونکە دەسەڵاتدارەکان خۆیان لە سەروی یاساوە دەبینن وە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ تەدەخول لە کاروبارە یاسای و دادوەریەکاندا دەکەن کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبێت.

دادگایی کردنی سەددامی دیکتاتۆر ئەگەر چی بێ کەم و کوڕی نەبووە بەڵام ئەزموونێکی نوێ دادوەری بوو نەك تەنها بۆ عیراق بەڵکو بۆ سەرتاسەری ناوچەکە.

من بەش بە حالی خۆم خۆشحال بووم بە دادگایی کردن و لە سێدارەدانی ئەو دیکتاتۆرە لە ڕوانگەی ئەوەی کە تاکێکی کوردم وە لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەم کەسایەتیە دیکتاتۆرە ئەنفالی هەشت هەزار پیاو مێرد منداڵی بارزانی کرد لە ڕوانگەی ئەوەی سەدوو هەشتاو دوو هەزار پیاو ئافرەت و منداڵی گەرمیانی ئەنفال کرد لە ڕوانگەی ئەوەی کە پێنج هەزار هاوڵاتی هەڵەبجەی شەهید کردوە لە ڕوانگەی ئەوەی کە لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا شۆفینیزمەدا خانەوەادەکەمان ڕووبەڕووی ئازاریکی زۆری لە ڕادەبەدەر بووە بە تایبەتی باوکی خۆشەویستم ( حیکمەتی مەلاعەلی هەڵگری میدالیای پیرۆزی بارزانی ) کە لە سەرکوردایەتی و بیروباوەری نەگۆڕ و پتەوەی پارتایەتی چەندین جار بەعسیەکان بە دەبابە دەچنە ماڵەوەو وە ڕا پێچی زیندان و سەردابە تاریکەکانی دەکەن و بە توندترین شێوە ئەشکەنجەی دەدەن.لە بەر هەموو ئەوانە دڵخۆشم بە لە سێدارەدانی دیکتاتۆر سەددام، بەڵام ئەگەر باس لە ڕوانگە سیاسی و یاسایەکەی بکەین ئەوا پرۆسەکە ڕووبەڕووی زۆر کێماسی دەبێتەوە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا..

دادگایی کردنەکەی سەددامی تاوانبارو هاوەڵەکانی لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پرۆسەی دادگایی کردنەکە خاوەنی مۆرکێکی سیاسی دوو لایەنە بوو بەواتا مۆرکێکی ئەمریکی و مۆرکێکی شیعی، مۆرکە ئەمریکیەکە ئەوەیە کە ئەمانە پەلەیان دەکرد بۆ بە کۆتایی هاتنی پرۆسەی دادگایی کردنەکە چونکە هەگبەی سەددام پەڕ بوو لە نهێنی کە درێژە دان بە دادگایی کردنەکە ڕەنگ بوو زۆر لەو نهێنیانەی ئاشکرا بکردایە کە نەك لە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نەبوو بەڵکو لە بەرژەوەندی هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکەش نەبوو بە تایبەتی باسی ئەوە هەیە کە تورکیا دەستی هەبوو بێت لەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد کراوەن، ئەمە سەرەڕای ئەوە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە ئەوا سەددامی حوسێن لە ساڵی 1959

کاتێك لە کردەوەی تیرۆر کردنی عبدولکریم قاسم بەشداری دەکات بوویە ناچار دەبێت عیراق بە جێ بهێڵیت و بەرەو وولاتی سوریا بڕوات وە لەویشەوە بۆ قاهیرە وە بە پێ زۆر سەرچاوە سەددام بە هاوکاری دەزگایی هەوالگری ئەمریکا سی ئای ئی توانیویەتی لە عیراق هەڵبێت.بەڵام لەوانەیە ئەمریکا خوێندنەوەیکی تریشی هەبوو بێت بۆ لە سێدارەکانی سەددام بەوەی کە ئەم لە سێدارەدانە دەبێتە هۆکاری کەم کردنەوەی توندو تیژی و کردەوە تیرۆرریستیەکان و نائومید بوونی یەکجارەکی بەعسیەکان.

لایەنیکی تری بەردەوام بوونی پرۆسەی دادگایی کردنەکە پەردەی لە سەر زۆر وولاتی دیکەی ئەوروپی و ئەو کۆمپانیانەی کە کاتی خۆی چەك و تەقەمەنی و گازی کیمیاویان بە سەددام فرۆشتە بوو هەڵدەماڵی.

مۆرکە شیعیەکەی ئەوەیە کە شیعە لە دێرزەمانەوە دەیانەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان تۆڵەی خۆیان لە عەرەبی سوونە بە گشتی بکەنەوە وە دەسەڵات و هێزی خۆیان نیشان بدەن وە  دادگایی کردن و لە سێدارەدانی سەددام باشترین چانسی ئەو تۆڵە کردنەوە بوو  وە بێگومان لەم هاوکێشەیەدا دەوڵەتی ئێرانیش بێبەش نەبوو.

چونکە ئەمڕۆکە کە سەددام لە سێدارەدرا لە بەر ئەو تاوانانە نەبوو کە دەرهەق بە گەلی کوردی کردبوو بەڵکو لە بەر ئەو تاوانە بوو کە بەرامبەر بە دانیشتوانی دوجیل  کردەبووی وە ژمارەی سەدو چل و هەشت هاوڵاتی شیعەی شەهید کردبوو لە ساڵی 1982 دا، بەڵام لێرەدا پرسیاریك دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە کە بۆ پرۆسەی دادگایی کردنی سەددام و هاوەڵەکانی بۆ یەکەم جار بە تاوانی دوجیل دەستی پێکرد خۆ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد کراون پاش ساڵی هەشتاو دوو دێت خۆ گەلی کورد هەر لە سەرەتای شستەکانەوە واتە هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول مەزنەوە  کورد دووچاری بۆمباران کردن و مال  وێران کردن و لە سێدارەدان و کۆشتن و بڕین هاتەوە وە باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە   پرۆسەی کۆشتن دەرکردن و و قەڕ کردنی کوردە فیلیەکانە لە ساڵی حەفتاکاندا.

مرۆڤـ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی دادگایی کردنی دیکتاتۆر سەددام و هاوەڵە تاوانبارەکانی هیچ جۆرە پێوانەیەك بۆ خۆدی جۆری تاوانەکان چ لە ڕووی مێژووی سیاسی وە چ لە ڕووی جۆری گەورەی تاوانەکان نەکراوە چونکە ئەگەر کرا با ئەوا دەبوایە یەکەم جار سەددام و تاقمەکەی بۆ ئەو تاوانانە دادگایی بکرانایە کە بەرامبەر بە کورد ئەنجامیان داوە چونکە بە هەموو پێوەرەکان گەلی کورد زیاتر ڕووبەڕووی هەموو جۆرە تاوانێکی وەحشیانە و دڕەندانە بووەتەوە، بەڵام لە دادگایی کردنی سەددام و دارودەستەکەی دەسەڵات و هێزی زۆرینەی شیعە رۆڵی بینی.

لە ڕوانگەی یاساییەوە  هەموو ئەو تاوانانەی کە سەددام دەرهەق بە گەلی کوردی   کردوویەتی دۆسیەیان دادەخرێت چونکە خۆ ناکرێت تاوانبار بە مردووی جارێکی تر حوکم بدرێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە وەزیری دەرەوەی حکومەتی سوید ڕەخنەی لە بە پەلە لە سێدارەدانی سەددام گرت چونکە ئەویش پێ وابوو کە دەبوو دادگایی کردنەکە بەردەوام بووایە تاوەکۆ دۆسیەکانی گەلی کوردیش کۆتایی پێ دەهات.

لە کۆتاییدا هاوبەشی خۆشی  گەلی کورد و هەموو ئەوخانەوادە بەڕێزو سەربڵندانەی  ئەنفال کراوی گەرمیان و بارزانیەکان و هەڵەبجەو هەموو تاکێکی کورد  دەکەم بە بۆنەی لە سێدارەدانی دیکتاتۆر سەددام حوسێن.